گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا
# (دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی– هەرێمی کوردستان بە نموونە)

د .فەوزیە عەبدوڵلا محەممەد
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
fawziya.abdulla@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٣/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٥/٩
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**
*The situation, Field, Management, Social role, Functional orientation of the structure*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.8

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان بە نموونە)، ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا، هەروەها زانینی ئاستی بڕوانامە و پسپۆڕییان، جۆری ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی چۆنایەتیە (النوعیە)، سەبارەت بەو میتۆدانەی کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە بێجگە لە میتۆدی چۆنایەتی، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتي، بۆ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پشتبەستراوە بە ئامرازی (چاوپێکەوتن، زانیاری ئاماری)، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی مەبەستدار دەستنیشانکراوە، لەبەر ئەوەی لە ناونیشانی توێژینەوەکە دیارە باس لە ڕەوشی کاری ئافرەتان دەکات، سەبارەت بە قەبارەی توێژینەوەکە، بە دوو ڕێگا هاتە دەستنیشانکرن، یەکەم: هەموو ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە لە ناو دیوانی وەزارەت ئەرکی بەرپرسیاریەتییان هەیە، دووەم: ئافرەتانی فەرمانبەر و بەرپرسی هۆبە دەگرێتەوە، لە کۆتاییدا، توێژەر هەندێک ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز دەخاتە ڕوو بە مەبەستی باشترکردني دۆخي ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا لە داهاتوو، هەروەها ئەرکییان وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانبەر و بەرپرس لە ناو دیوانی وەزارەت.

## پێشەکی

مرۆڤ بە سروشتی خۆی بە پێی کۆمەڵگا جیاوازەکان هەر یەکەوە ڕۆڵێکیان هەیە لە ناو کۆمەڵگادا، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم ڕۆڵانە بە مەبەستی ڕێکخستنی کار و پێشە و خودی کۆمەڵگا هاتبێتە ئاراوە، بۆیە ئافرەتانیش بێ بەش نین لەو ئەرکانە شان بەشانی پیاوان لە سەرجەم گۆمەڵگاکان بە شێوازی جیاواز ڕۆڵیان هەبووە، هەر لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی کلتوری...تا دوای لە ڕۆڵەکان، بێجگە لە ڕۆڵ و ئەرکییان لەماڵەوە وەک هاوسەر و خوشک و دایک لە وچەخستنەوە و پەروەردە کردنی منداڵ و خاوێنکردنەوەی ماڵ و چێشتلێنان..هتد، لە دەرەوەی مالیش وەک مامۆستا و ئەندازیار و پزیشک و مۆسیقا ژەن وێنەکێش وفەرمانبەر ...هتد لە کار و ئەرکەکان، ئەمەش بەهەوڵ وتەقەڵایەکی زۆر و شەونەخوونی وماندووبون لە گەڵ بڕینی قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بوارێک لە بوارەکان بە مەبەستی دامەزراندن و پەیڕەوکردنی پسپۆڕییان لە یەکێک لە دەزگاکان، یەکێک لەو پسپۆڕییانە لە ڕووی کارگێڕیەوە بە تایبەتی وەکو شوێن ناوەندی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە ئافرەتان شان بەشانی پیاوان ڕۆڵیان هەیە لە پەرەپێدانی کارەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە، ئەمەش لە پێناو خزمەتکردنی هاوڵاتیان وەک ئەرکێکی پیشەیی، سەرەڕایی بوونی چەندها ئاستەنگ وگرفت وەک نەدان و پاشەکەوتکردنی مووچە و نەمان و خەرج نەکردنی پلە بەرزگردنەوەی ساڵانەی فەرمانبەران، ئافرەتان هەر بەردەوامبوون لە کارکردن وخزمەتکردن بە هاوڵاتیان لە پێناو گرنگیدان بە بوارە جیاوازەکان لە ڕووی کارگێڕیەوە، بۆیە زانینی جۆری کاری ئافرەتان وپێگەییان لە ڕووی کارگێڕییەوە لە ڕووی پسپۆری و ئاستی بڕوانامەییان زیاتر ڕوونکردنەوە دەدات بە ڕەوشی کاری ئافرەتان لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### 1-گرفتی توێژینەوەکە

هەموو تاکێک لە ناو کۆمەڵگادا ڕۆڵێک دەگێڕێت، ڕەنگە جۆری ڕۆڵەکان بە پێی شوێن و پێگەی کەسەکان جیاواز بێت، تەنانەت ڕەنگە لە ڕووی ڕەگەزەوەش ئەم ڕۆڵانە وەکو یەک نەبن، ڕەنگە ئاستی پسپۆڕی و جۆر و سروشتی پیشەکان کاریگەری بکات لەسەر دیاریکردنی ئاستی ڕۆڵەکان، ئەگەر بێینە سەر بواری گارگێڕی، دەبینین یەکێک لە نیشانەکانی پێشکەوتنی وڵاتان، بریتییە لە پەرەپێدانی لایەنی کارگێڕی لە ڕووی بە دەزگاکردنیەوە و بەستنەوەی بە سیستەمی تەکنەلۆژیا وزانیارییەوە، هەروەها بە سیستەمکردنی لە ڕووی بیرۆکراتی، وەك دابەشبوونی کار و پیشەکان بە پێی ئاستی پسپۆری کەسەکان، ئەم بە سیستەم کردنە لەگەڵ پێشکەوتنی گۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاریگەری هەبوو لە بەشداریکردنی ئافرەتان شان بەشانی پیاوان لە زۆربەی کارەکان، دواتر دیاریکردنی ڕۆڵییان وەکو ئەرک و بەرپرسیاریەتی ، و پێوانەکردنی ئەو ڕۆڵانە لە ڕێگایی هەندێک کەسی شارەزا و پێوەری تایبەت بە دیاریکردنی ئاستەکان، وەک ئاستی ڕەزامەندی دەکرێت بەڕێوەبەر و هاوڵاتیان باشترین پێوەر بن بۆ ڕەزامەندی لە کاری ئافرەتان بە دیاریکراوی ، بۆیە گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا لە ناو دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی وورد.

### 2-گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بە شێوەیەکی گشتی لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکی یە، یەگەم گرنگی لە ڕووی تیۆریەوە: توێژینەوە سەبارەت بە ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا دەبێتە زەخیرەیەکی زانستی لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستاندا و سودی دەبێت بۆ خوێندکاران بە بەکارهێنانی وەکو سەرچاوەیەکی زانستی، بێجگە لەوەی تیشکدەخاتە سەر بابەتێکی هەستیار کە ڕەوشی ئافرەتە، سەبارەت بە گرنگی دووەم لە ڕووی پراکتیکیەوە: بریتیە لە بەدەرخستنی ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا، بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکان، هەروەها گرنگیدانە بە دۆزی ژن وەکو ڕەگەز، جۆر، بێجگە لە دیاریکردنی ئاستی پسپۆری و کارەکانیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی:-

- ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕی؟
- ئاستی پسپۆڕی، ژمارەی بەڕێوەبەر و فەرمانبەری ئافرەتان؟
- جۆری کار و پیشەییان؟

## دووەم: دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**1- ڕەوش(Real )**

پێناسەی ڕەوش لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانایی ڕاستی یان ڕوودانی شتێك دێت یان کاریگەرە پێی(معجم معاني الجامع (2023,

هەروەها لە فەرهەنگی زانستە مرۆفایەتیەکانیش ئەم چەمکە لە ڕاستیەوە (Realism)هاتووە، ئەگەر ووشەی ڕەوش بۆ لایەنی جوانی وهونەر بەکار بێت بە مانایی دروستکراو دێت، وەك چۆن هونەر بەهەرەیەکە بۆ گەڕانەوەی ڕاستیەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، هەروەها پێیان وایە کەوا چەمکی ڕەوش بۆ بوارێکی ڕامیاری جیاوازە لەگەڵ بواری ئابوری یان کۆمەڵایەتی (دورتیە، 2011،1116). واتە بۆ ڕەوشی کارگێڕیش ئەمە ڕاستە.

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی ڕەوش (الواقع او الوضع)**

بریتییە لە زانینی ڕەوشی کاری ئافرەتان لە بواری کارگێڕی لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**2- پێناسەی بوار (مجال)**

لە ڕووی زمانەوانییەوە بوار بە مانایی کایە یان ڕێگەپێدان دێت، هەروەها بە واتایی کردنەوەی ڕێگا بۆ کەسێك یان شتێك دێت، بە مەبەستی پێشکەوتن یان فرەوانکردنی بوارێك لە چوارچێوەی گرنگیدان بێت(معجم معاني الجامع,2023 ).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**-پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی بوار**

بریتییە لە دیاریکردنی ئەرکی ئافرەتان بە پێی پسپۆری و بڕوانامە بە شێوەی جیاواز لە بوارێك لە بوارەکان وەك بواری ژمێریاری، بەڕێوەبەر، کارگێڕی، ووردبینی، بەدواداچوون لە بواری دارایی،...هتد لە بوارەکان.

**3- چەمکی کارگێڕی (Management)(Administration)**

پێناسەی جۆراو جۆر بۆ چەمکی کارگێڕی کراوە، لەبەر فرەوانی بوارەکە و پەیڕەوکردنی بە شێوەیەکی جیاواز لە سەرجەم دامودەزگا و بوارەکانی کارکردندا، لەم پێناسەیە چەمکی کارگێڕی بریتییە لە ئامرازێکی جۆڵەیی کە هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانی کۆمەڵایەتی، ئەرکی هاوسەنگی و ڕێکخستنە لە نێوان کارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا- تاک بە پشتگیری باشی دەوڵەت بە گشت ڕەهەندەکانیەوە بە وەزە و ئامێرە پێشکەوتووکانەوە، لە پێناو پراکتیزەکردنی کارەکان لە ڕێگایی کەسەکانەوە بە مەبەستی بەدییهێنانی ئامانجەکان( ناصر،2005: 7). لە پێناسەیەکی تردا چەمکی کارگێڕی بریتییە لە داینەمۆیی هێزێکی ناوەندی کە پاڵنەرە بۆ سەرخستنی دەزگاکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان ( تیر ،1959 : 51).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی کارگێڕی**

ئەو کەسەیە کە کارەکان ڕاییدەکات بە هاوکاری چەندیین کەسی پسپۆڕ و شارەزاە لە بوارە جیاوازەکاندا بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک ئامرازی کارگێڕی پێشکەوتوو وەک ئامرازی تەکنەلۆژیا وسیستەمی زانیاری، بە مەبەستی ڕێکخستنی کارەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە کارگێڕیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: ئاڕاستە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە

### 1-ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: (Social Role)

ئاڕاستە تیۆریەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێیان وایە کەوا هەموو تاکێک لە ڕووی مرۆییەوە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە دایک دەبێت و جێگیر دەبێت دواتر جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستن بۆ خۆی دروستدەکات، هەروەها پێیان وایە کەوا سەرجەم کۆمەڵگاکانی مرۆیی بە کۆمەڵگایی سادەوە – خاوەن جۆرێکن لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و تێکەڵاوە، بە تایبەتی لە بەشە جیاوازەکانی، بۆیە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم جۆرە ئاڵۆزییانە، کۆمەڵگا و پرۆسەی پەروەردە ئەگەر بیانەوێت ئامانجەکان بەپێکن وپرۆسەی کۆمەڵایەتی ئاسایی بکەونەوە، پێویستە بزانن کەوا سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە لە سەری بونیادنراوە جیاوازە، بۆیە زەرووڕەتی ڕێکخستنی گروپ و کۆمەڵگا هاتۆتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی ڕێکخستن بە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە لەو ڕێگایەوە ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەزانن بڕیار لە سەر ڕەفتارەکانی یەکتر بدەن، بۆیە ئاڕاستە کۆمەڵایەتیەکان پێیان وایە کەوا ئەندامانی کۆمەڵگا چەندە ڕێژەی خۆگونجاندنیان لەگەڵ یەکتر بەرز تر بێت بۆ ئەرکەکانیان لە گەڵ ڕۆڵییان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، ئەوەندە کۆمەڵگا ئەرکی باشتر دەبێت لە ڕووی لێهاتوویەوە و شارەزاییەوە (استیتیە وسرحان،2012: 254).

دەکرێت ڕێکخستنی کۆمەڵگا بونیادبنرێت لەسەر بنەمایی ئەرک و ڕۆڵ، بۆیە هەموو تاکێک لە هەر کۆمەڵگایەک بێت بە لایەنی کەمەوە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیە، بۆ نموونە، پیاو لە یەک کاتدا هاوسەرە باوکە و فەرمانبەرە، یان گەنج (هەرزەکار) وەک کوڕ، برا، یان خوێندکارە لە هەمانکاتدا، بۆیە مرۆڤ لە توانییدا هەیە لە یەککاتدا چەندیین ڕۆڵ بەگێڕێت وپێگەی خۆیی دیاری بکات، بەڵام ئەم پێگانە بریتیین لە کۆمەڵێک ئەرک و ماف، ودەبێت تاک ئەنجامیان بدات، بۆیە ئاسان نیە جیاوازی کردن لە نێوان ئەرک و ماف و تاکدا لە ڕووی ڕێکخستنەوە(الشعبيني،1974: 53).

ئەگەر ئاڕاستەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەوشی کاری ئافرەت پراکتیزە بکەین لەم توێژینەوەیە دەبینین ئافرەت وەک دایک، خوشک، هاوسەر، بەخێوکەر، چێشتلێنەر، فەرمانبەر، ڕۆڵییان هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و خاوەن پێگەیی جیاوازن، ئەگەر بێینە سەر ڕەوشیان لە ڕووی کارگێڕیەوە، دەبینین دابەشبوونی کار ئەرکەکانی دیاریکردەوە، وەکو فەرمانبەری ئافرەت یان بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەری بەش، یاخود فەرمانبەری خزمەتگوزار لە بەشە جیاجیاکانی دیوانی وەزارەت کار ئەکەن، لە ڕووی مافەوە، ڕەنگە بە پێی پیشە و جۆری کار وپسپۆرییان مافیانیش دیاری کرا بێت.

## 2-ئاڕاستەی بونیادی ئەرکی: (Functional of Structure)

تێڕوانینی ئاڕاستەی بونیادی ئەرکی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە تێڕوانینێکی گشتیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی تێڕوانینیان بۆ تاکە کەس نەبووە، یان ڕۆڵی بەڕێوەبەرێک لە چوارچێوەی قوتابخانەی بونیادی ئەرکیدا دیاریکراوە، دواتر شیکردنەوەی ئەم بونیادە گشتیە بۆ سیستەمێکی لاوەکی ئەنجا لە ڕێگایی خۆییەوە گواستنەوەی ئەم سیستەمە بۆ ڕەگەزەکانی بونیادی، دەکرێت لە کۆتاییدا دابەشکردنی بەسەر ڕۆڵە جیاوازەکاندا هاتەبێتە ئاراوە، بۆیە بۆ هەر ڕۆڵێک ئەرکێک دیاری دەکرێت بە شێوەیەک کە ئەم ڕۆڵانە تەواوکەری یەکتری بن، لە بنەڕەتدا سیستەمی بونیادی کۆمەڵایەتی ئەرک و ڕۆڵە لە چوار چێوەی بەش بۆ گشت دابەش دەکات، بۆیە لێردا ئازادی ڕۆڵی تاکەکان لە چوارچێوەی بونیادی دادەڕێژرێت واتە تاک ڕۆڵدەگێڕێت لە پێناو بە دەستهێنانی پێگەیەکی گۆمەڵایەتی، کە ئەمەش لەبەر کۆنترۆڵکردنی جیاوازی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هاتۆتەئاراوە، لەگەڵ ڕێکخستنی کایەکانی کۆمەڵگا لە ڕووە جیاوازەکانییەوە (عبدالمعطي،1998:103 -104).

هەروەها زانای بە ناوبانگی ئەنترۆپۆلۆژی بەریتانی (رادکلف براون) پێی وایە کەوا ئاڕاستەی بونیادی ئەرکی هاتۆتە ئاراوە لە پێناو پارێزگاریکردنی کۆمەڵگا لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەروەها لە پێناو دڵنیابوون لە سەقامگیری ڕێژەیی و بەردەوامبوونی کۆمەڵگا بۆ بەدییهێنانی پێکهاتەکانی بونیادی، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ دوور لە لادان(عبدالمعطي،1998 :111).

بە پێی ئەم تیۆرە بێت ئافرەتان ڕۆڵ دەگێڕن لە پێناو بەدەست هێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز، بێجگە لەوەی کە هەر ڕۆڵێک ئەرکێک دیاریدەکات لەبەر ڕێکخستنی کار و دابەش کردنی

کاری کۆمەڵایەتی بە پێی پسپۆریە جیاوازەکان هەروەها لە پێناوە قازانج و ڕێکخستن و پۆلێنکردنی کارەکان لە پێناو گشت نەک تاک، لە پێناو دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ.

**3-ئاراستەی نموونەی باڵا بۆ ڕێکخستنی بیروکراتی: (Bureaucracy)**

چەمکی بیروکراتی (Bureaucracy) بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە چەندین پایەو و پەیکەری جیاواز پێکدێت، کە تاکەکان ڕۆڵ و پێگەیان هەیە لە چوارچێوەی ئەو پەیکەرە، تایبەتمەندییەکانی بیروکراتی بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا ورێسا و ڕێکاری ڕوون بە مەبەستی ڕێکخستنی کردە و ڕەفتارەکانی ئەندامانی کارگێڕی، هەروەها نمونەی باڵا پێویستی بە سیستەمێکی وورد و لەسەر خۆیە بۆ ڕێکخستنی کارگێڕی لە ڕووی پسپۆڕی و دابەشبوونی کارەوە (لطفي،2007: 98)، هەروەها لەم بارەییەوە زانا ماکس ڤیبەر (Max Weber)، بە دامەزرێنەری نموونەی باڵا لە بواری ڕێکخستنی بیروکراتی دادەنرێت، پێی وایە کەوا چەمکی بیروکراتی واتە دانانی پرۆسەی بونیادنان لەسەر بنامایی زانستی و بابەتی وعەقڵی بونیاد دەنرێت، بێجگە لە بوونی پلانێکی پێشوەختە و جۆری فەرمی لە کارکردندا، تایبەتمەندییەکانی نموونەی باڵا لای ڤیبەر بریتییە لە بوونی پسپۆڕی و دابەشبوونی کار بەپلەی یەکەم ، شارەزاییەکی باش لە کارکردن، هەروەها بوونی پەیکەرێک لە لایەن بەڕێوەبەرەوە داڕێژرابێت کە تیاییدا ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرجەم فەرمانبەران وکارمەندان دەستنیشانکرا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، ودیاریکردنی ڕۆڵەکان، هەروەها جیاکردنەوەی خاوەنداریەتی و ئەرکی بەڕێوەبردن لە ناو سیستەمەکەدا دیاریکرابێت، پەیڕەوەکردنی ئاراستەی بیروکراتی لە دامەزراوەکان بە ڕایی ڤیبەر هۆکارە بۆ دەستەبەرکردنی باشترین لێهاتوویی وراپەڕاندنی کارەکان بە شێوەیەکی فەرمی و سیستەماتیک ورێککخراو (لطفي ،2007: 100).

بەڵام لە شیکردنەوەی ئەرکێتیدا، ڕۆبرت مێرتۆن کە زانایەکی ئەمریکیە ، زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە بابەتی بیرۆکراتی و دامەزراوە فەرمییەکان، مێرتۆن لە کتێبە بەناوباگەکەی بە ناوی (Social Theory& Social Structure) واتای جیاوازی بۆ ئەرکەکان

دیاریکردووە، ورەخنە دەگرێت ودەڵێت ووشەی ئەرک لە زانستی کۆمەڵناسی بە هەڵە بەکار هاتووە، ئەم زانایە پێوایە ئەرک بریتییە لە: -

1-ئەرک لە ژیانی ڕۆژنەدا بۆ ئاماژەکردنی چالاکی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، وەک دەڵێن فڵانە کەس ئەرکی کۆمەڵایەتی بەجێ دەگەیەنێت لە بەر هۆیەک یان لەبەر کۆمەڵێک هۆکار.

2-چەمکی ئەرک بەواتای کار یان ئەو ئیشەی تاک پێی هەڵدەستێت بە شێوەیەک ئەو کارە ڕۆژنەیەک بۆ ئەو کەسە دابین بکات.

3-ئەرک بە واتایەکی تر لە بواری کارگێڕیدا مەبەستی لەو ڕۆڵەیە کە تاک پێی هەڵدەستێت لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتییدا، بە تایبەتی ئەو کەسانەی ئەرکێکی بەڕێوەبردنیان هەبێت(زێباری،2017: 65).

ئەگەر ئەم تێۆرە پرکتیزە بکەیین بۆ ڕەوشی ئافرەتان لە بواری کارگێڕیدا، دەبێت ئافرەت وەکو بەڕێوەبەر پابەند بێت بەو تایبەتمەندییان کە لە لایەن زانا ڤیبەرەوە دەستنیشانکراوە بۆ چۆنیەتی کارکردن وبەڕێوەبردن لەداموودەزگاکانی حکومی، کە بریتییە لە دابەشکردنی کار بە پێی پسپۆری و لێهاتوویی، بێجگە لە بوونی شارەزایی لە بواری کارکردندا کە هۆکارە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان بە کاتێکی کەم و بەرهەمێکی زیاتر بۆ دەزگاکە لە پێناو پەیرەوەکردنی سیستەمی بیروکراتی لە دامەزراوەیەکی فەرمی.

**4-ئاڕاستەی بڕیاردان: (Decision-Making Theory)**

دامەزرێنەرانی ئەم ئاڕاستەییە پێیان وایە کەوا ناوەڕۆکی بواری کارگێڕی هەر ئەوە نیە کەوا بزانرێت سروشتی پەیوەندییەکان لە نێوان فەرمانبەران و بەڕێوەبەردا چۆن بەڕێوەدەچێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمایی دەرکردنی بڕیارێکی دروست بونیادبنرێت، بێ ڕەچاوکردنی سروشتی ڕێکخستنەکان لەگەڵ جۆری ڕەفتارەکان لە لایەن ئەندامانی کارگێڕیەوە، هەروەها کارگێڕی باش دەبێت بڕیارەکانی بە شێوەیەکی عەقڵانی(Rational) و زانستی بێت، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک داتا و زانیاری و ژمارە و جیاوازی کردن لە نێوان بەهاکان (Values) و ڕاستییەکان (Facts) بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتی لە کاتی بڕیارداندا، ئەم هەنگاوانەش یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکان بە شێوەیەکی زانستی ( القريوتي ،2000: 24).

لایەنگەرانی ئەم ئاڕاستەییە پێیان وایە کەوا بۆ بڕیاردان بە شێوەی عەقڵانی دەبێت بەرپرسان و بەڕێوەبەران تا ڕۆڵی باشتر بەگێڕن دەبێت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:-

- دیاریکردنی ئەو کێشەیەی کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.
- کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەو کێشانە.
- دیاریکردنی هەموو ئەڵتەرناتیڤەکان کە یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.
- هەڵسەنگاندنی ئەڵتەرناتیڤی جیاواز، دیاریکردنی باشی و خراپەکانی گرفتەکە.
- هەڵبژاردنی باشتریین ئەڵتەرناتیڤ لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی پێشووتر دەبێت.
- چارەسەرکردنی گرفتەکان لە لایەن بەڕێوەبەرەوە پێویستی بە کەرەسە و ئامێری زانستی جیاواز هەیە، بێجگە لە پێویستی کات و هەوڵدان و شیکردنەوەی زانیارییەکان، و دەبێت کەسێک لە بواری کارگێڕی کار بکات لەو کاتەدا بڕیارێکی دیاریکراو و عەقڵانی وگونجاو بدات، نەک بڕیاری باڵا و کۆتایی بێت (القريوتي،2000: 24-25).

ئەگەر ئەم تیۆرە پراکتیزە بکەین لەسەر کۆمەڵگایی توێژینەوەکە، دەبینین بەڕێوەبەری ئافرەت بۆ ئەوەی ڕۆڵ بەگێڕێت وکاری کارگێڕی بە سیستەم بەکات دەبێت پابەندی ئەو خاڵانە سەروە بێت لە کاتی بوونی گیرۆگرفتی کارگێڕی وهەولبدات بڕیارێکی گونجاو بە شێوەیەکی عەقڵانی و زانستی دوور بێت لە هەست و سۆزی کەسێتی واتە بڕیارەکان بابەتیانە بێت لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان وبەدەرخستنی ڕۆڵی خۆیی وەک بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئافرەت دیار بێـت.

## سێیەم: دیاریکردنی میتۆد و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### 1-دیاریکردنی میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتبەستراوە بە دوو جۆر لە میتۆد، یەکەم: میتۆدی چۆنایەتی بە شێوەی(چاوپێکەوتن)، هەروەها میتۆدی ڕەوپێوی کۆمەڵایەتی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ئاماری لەسەر کارمەندانی ئافرەت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە**

بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە پەشتبەستراوە بە نموونەی مەبەستدار، لەبەر ئەوەی یەکەکانی توێژینەوەکە سەرجەمیان ئافرەتن.

**3-دیاریکردنی قەبارەی توێژینەوەکە**

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پشتبەسترا بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، کۆیی گشتی ژمارەی کارمەندانی ئافرەت لە دیوانی وەزارەت بریتی بوون لە (190) کارمەندی ئافرەت، ژمارەی بەڕێوەبەری فەرمانگە (1) کەس، بەڕێوەبەر بەش(9) کەس، بەرپرسی هۆبە (15) کەس، فەرمانبەر (160) کەس، فەرمانبەری خزمەتگوزار(5) کەس، بۆ دیاریکردنی قەبارەی توێژینەوەکە، لە سەدا (8%) کەس وەرگیرا لەبەر زۆری ژمارەی کارمەندانی ئافرەت و نەبوونی کاتی پێویست کە ژمارەییان (190) ئافرەت بوو، ئەو یەکانەی کە وەرگیران بۆ ئەم توێژینەوەیە ، ژمارەییان (17) ئافرەت بوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (1) شێوەی قەبارەی نموونەکە دەخاتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (1) نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| جۆری زانیاری | ژمارەی ڕاستەقینە | نموونەی وەرگیراو |
|---|---|---|
| بەڕێوەبەری فەرمانگە | 1 | 1 |
| بەڕێوەبەری بەش | 9 | 9 |
| بەرپرسی هۆبە | 15 | 5 |
| فەرمانبەر | 160 | 1 |
| فەرمانبەری خزمەتگوزار | 5 | 1 |
| کۆیی گشتی کارمەندانی ئافرەت لە دیوانی وەزارەت | 190 | 17 |

**4-ئامادەکردنی پرسیاری چاوپێکەوتنەکان**

پرسیارەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک بە دوو ڕێگا هاتە ئامادەکردن، وەک ئەم پرسیارانەی خوارەوە:-


پرسیارە گشتیەکان: (پسپۆری، ئاستی بڕوانامە، ساڵی خزمەتکردن)

پرسیارە تایبەتەکان: (ڕەوشی ئافرەت لە بواری کارگێڕیدا)؟

(ژمارەی بەڕێوەبەر، بەرپرس، فەرمانبەر، فەرمانبەری خزمەتگوزار)

### 5-ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە

بریتی بوون لە داتا و زانیاری، چاوپێکەوتن، هەیکەلی دیوانی وەزارەت (بڕوانە هێڵکاری ژمارە (1).




هێڵکاری (1) هەیکەلی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەخاتە ڕوو

سەرچاوە (سایتی وەزارەت): پەیکەری دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێنجەم: خستنەڕوو وشیکردنەوەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

لایەنی مەیدانی مەبەست لە جۆری چاوپێکەوتنەکانە لەگەڵ یەکەکانی توێژینەوەکە، ماوەی هەر یەکێک لەو چاوپێکەوتنانە بریتی بوو لە (5-30) کاتژمێر، ناوی یەکەکان سەرجەمیان ناوی خۆیانن، لەم تەوەرە زانیاری گشتی و تایبەتی چاوپێکەوتنەکان دەخەینە ڕوو:-

### یەکەم: خستنە ڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتیەکان

زانیاری گشتی مەبەست لە زانینی ئاستی (پسپۆری، بڕوانامە،ساڵی خزمەتکردنیان).

خشتەی ژمارە (2) زانیاری گشتی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| زانیاری گشتی | گۆڕاوەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| پسپۆری | یاسا | 2 |
| | کارگێڕی کار و گشتی | 3 |
| | زانستی کۆمپیوتەر | 1 |
| | زمانی کوردی | 1 |
| | ژمێریاری | 4 |
| | زمانی ئینگلیزی | 2 |
| | جوگرافی | 1 |
| | پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان | 1 |
| | تا سێی ناوەندی | 1 |
| | خزمەتگوزار | 1 |
| ئاستی زانستی و بڕوانامە | پرۆفسیۆری یاریدەدەر | 1 |
| | ماستەر | 7 |
| | دبلۆم | 1 |
| | بکەلۆریۆس | 6 |
| | ناوەندی و ئامادەیی | 1 |
| | نەخوێندەوار | 1 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ساڵي خزمەتكردن | 20-1 | 1 |
| | 30- 21 | 11 |
| | 40-31 | 5 |
| کۆیی گشتی | | 17 کارمەندی ئافرەت |

سەرچاوە:فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون/ب.ئامار وپلاندنان،2023/7/30)

ئەم خشتەییەی سەرەوە ئاماژە بە زانیاری گشتی دەکات سەبارەت بە کارمەندانی ئافرەت، وەک دیارە لە خشتەکە زۆرترین ژمارەی پسپۆڕی لە بواری (ژمێریاری) هاتووە، دواتر پسپۆڕی (کارگێڕی کار و گشتی)، هەروەها پسپۆڕی لە بواری یاسا و زمانی ئینگلیزی وەک یەک هاتوون، دواتر سەرجەم پسپۆڕیەکان هەر یەکەو بە پسپۆڕی جیاواز هاتوون وەک بڕوانامەی جوگرافی و هەندێك لە فەرمانبەران دەرچووی ئامادەیی و ناوەندیین، ئاستی نەخوێندەواریش فەرمانبەری خزمەتگوزار دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی پسپۆڕیەکان لە شوێنی کارگێڕی وەک ژمێریاری و یاسا و ئەرکیان زیاتر وەك بەڕێوەبەر بوو، واتە جۆری پسپۆڕی کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵەکان و ئەرکیان لە شوێنی کارکردن، سەبارەت بە ئاستی بڕوانامە، زۆترین ئاست بڕوانامەی ماستەر دێت، دواتر ئاستی بەکەلۆریۆس، لەگەڵ یەک (پرۆفسیۆری یاریدەدەر) کە بەڕێوەبەری فەرمانگە بووە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئاستی بڕوانامەی ئافرەت لە دیوانی وەزارەت لە ئاستی (ماستەر و بەکەلۆریۆس) زیاترە لە بڕوانامەکانی تر، سەبارەت بە ماوەی ساڵەکانی خزمەت، وەك دیارە لە خشتەکە زۆرترین ماوەی خزمەت دەکەوێتە نێوان ساڵانی (30-21)، دواتر (5) کەسیان ماوەی خزمەتیان لە نێوان(40-31)ساڵ هات، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کەوا ماوەی خزمەتکردن ئاماژەیە بۆ شارەزایی ولێهاتووی زیاتر لە بواری کارگێڕی.

**دووەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتییەکان**

مەبەست لە زانیاری تایبەتی پرسیارەکان، زانینی ڕەوشی ئافرەتانە لە بواری کارگێڕی، لەگەڵ ژمارەی بەڕێوەبەرایەتی و ئەرکییان لە دیوانی وەزارەت، وەک ئەمانەی خوارەوە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-ڕەوشی ئافرەت لە بواری بەڕێوەبردن**

لە کۆیی یەک دەزگا وپێنچ فەرمانگەی گشتی لە ناو دیوانی وەزارەت، یەک لەو فەرمانگەیە بە ناوی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان دێت، بەڕێوەبەری ئەم فەرمانگەیە تاکە ئافرەتە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی کردنی هەیە، ئەم فەرمانگەیە لە ڕێگای خۆیەوە لە سێ بەڕێوەبەرایەتی تر پێکدێت وەک:-

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا کە ئەرکیان وەرگرتنی خوێندکارانە لە خوێندنی باڵا وەک(دبلۆم، ماستەر، دکتۆراە، دبلۆمی پزیشکی، بۆردی پزیشکی).

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی ئەرکیان بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامۆستایانە بە شێوەی گشتی، هەروەها کردنەوەی خول لە سەنتەری زەمان، گۆڤارەکان، سەنتەری توێژینەوە، کۆنفرانسی زانستی ساڵانە.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پێداگۆجی و خولەکان، ئەرکیان کردنەوەی خولە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بە شێوەیەکی سەردەمیانە.

هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کارەکان وئەنجامدانی کۆبوونەوەی ناوخۆیی و بەدواداچوون لە سەرجەم کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت هتد..، بە هەماهەنگی لەگەڵ یاریدەدەر و چەندین بەڕێوەبەری تر، لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرمانبەران لە پسپۆری جیا کارەکان ڕاییدەکرێت،( خەتات،2023).

**2-ڕەوشی ئافرەت لە بواری ناوەندی وەرگرتن**

بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن سەر بە فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون لە دیوانی وەزارەت، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە سێ هۆبە پێکدێت:-

یەک:هۆبەی زانکۆکانی هەرێم: ئەرکیان وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەیە کە دەرچووی خوێندنی(پیشەیی ،نابینا، کەمئەندام، سەندیکاکان بەگشتی، خوێندنی ئاینی، ڕاگەیاندنکار، هونەرەجوانەکان، یەکەمەکانی بەشی وەرزەش و کۆمپیوتەر، پاڵەوانانی وەرزشی)، (عزیز،2023).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم: هۆبەی زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان: ئەرکیان وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەیە کە (یەکەمەکانی سەر پەیمانگەن، دەرچوانی ساڵ، دەرچوانی ساڵی پێشووتر، سیتەمی خوێندنی پاراڵێل/ ئێواران و بەیانیان)،(شریف،2023).

سێیەم: هۆبەی زانکۆ لاین: ئەرکیان (چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خوێندکارانە بە شێوەیەکی گشتی، وەک گواستنەوەی خوێندکار لە زانکۆیەکەوە یان پەیمانگەیەکی تر وحاڵەتی دابەزین لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر، هەروەها بەدواداچوون لە گازاندە و تانەی خوێندکاران)، (حسن،2023).

بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ژنە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی کردنی هەیە و کار ئەکات لە گەڵ کۆمەڵێک بەرپرس و فەرمانبەر لە هەردوو ڕەگەز، ئەرکی ئەم گروپانە لەگەڵ بەڕێوەبەر بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیایەک لە بواری سیستەمی ئەندازیاری پرۆگرامسازی، ساڵانە خوێندکاران لە دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن/ پۆلی دوازدە و بوارە جیاوازەکان لە ڕێگای زانکۆ لاین فۆرم پێشکەش دەکرێت، بە مەبەستی وەرگرتنیان لە پەیمانگە و زانکۆکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی بەڕێوەبەر وەک ژنێک بەرپرسیارێتی هەڵگرتنە بە ڕاییکردنی کارەکان وچارەسەرکردنی گرفتە جیاوازەکانی خوێندکاران، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگە تا وەزیری خوێندنی باڵا لە زۆربەی حاڵەتەکان، بە پشتبەستن بە ڕێنمایی و بڕیاری نوێ کە ساڵانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت لەبارەی وەرگرتنی خوێندکاران ( قەمبەر ،2023).

**3- ڕەوشی ئافرەت لە بواری ناردن و شاندکردن**

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە فەرمانگەی نێردەراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیریەکان، ئەرکییان ناردن وشاندکردنی مامۆستا و خوێندکار و فەرمانبەرە بۆ دەرەوەی وڵات بە شێوەی زەماڵەت و پێدانی مۆڵەتی خوێندن، بە دوو ڕێگا مۆڵەت دەدرێت بە خوێندکار:-

یەک: خوێندکار لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی بخوێنێت.

دووەم: لەسەر خەرجی حکومەت بخوێنێت.

لە دوایی تەواوکردنی مامەڵەی خوێندن، خوێندکارەکان دەنێردەرێنە دەروەی وەڵات بە پێی ڕێنمایی ویاسایی خوێندن، بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندنی باڵا لە بوارەکانی ( بکالۆریۆس، دبلۆم، ماستەر، دکتۆراە، پۆست دکتۆراە)، (سعید،2023).

## 4- ڕەوشی ئافرەت لە بواری بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی

بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتیانەی کە تازە دامەزراوە لە دیوانی وەزارەت، سەر بە فەرمانگەی نێردەراوان و پەیوەندییەڕۆشنبیرەکان، لە چوار هۆبە پێکدێت:-
وەک: هۆبەی ژمێریاری : ئەرکی بەرپرس و فەرمانبەران لەم هۆبەی ڕاییکردنی کاروباری ژمێریاریە سەبارەت بە خوێندکار لە قۆناغەکانی خوێندنی (ماستەر، دکتۆراە) بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات، بێجگە لە ئەرکی بەدواداچون لە چۆنیەتی ئەو خەرجیە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دارایی لە دیوانی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی وئابوری، ئەو بڕە هاوکاریە بە شێوەی بەش بەش دەدرێتە خوێندکار، هەروەها هۆبەی ژمێریاری پەیوەندی لە گەڵ خوێندکار دەبێت تا تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن. هۆبەی ووردبینیکردن: ئەرکیان ووردبینیکردنی فایل و دۆسێی و پسوولەی خەرجی خوێندکارە لە بێش دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندن تا کۆتایی پرۆسەکە.هۆبەی دۆسیەکان: تایبەتە بە دۆسی کەسی کاندید واتە سەرجەم داتا و زانیاریەکان لە بارەی کاندید لەو دۆسیە پارێزراوە.هۆبەی بەدواداچوون: ئەرکیان وەک (نووسراوکردن، ئیمێڵ کردن لەگەڵ کاندید، چارەسەرکردنی گرفتی خوێندکار هتد...، سەرجەم ڕاییکردنی ئەو کارانە بە هەماهەنگی لە گەڵ فەرمانگەی  گشتی وسەرجەم لایەنەکانی تر ئەنجامدەدرێت، وبەڕێوەبەر ئەرکی زیاترە لەبەر هۆکاری بەرپرسیارەتی سەرجەم کارەکان(عمر،2023).

## 5-ڕەوشی ئافرەت لە بواری بەڕێوەبەرایەتی ووردبینیکردن

بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی ڕاستەوخۆ سەر بە نوسینگەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە، ئەرکی بەڕێوەبەر بە هاوبەش لەگەڵ فەرمانبەران کە زۆربەییان ئافرەتن، ووردبینیکردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ونووسراو و بەداداچوون لە پرۆژەی ئەندازیاری، ووردبینیکردنی دەرماڵە و پلەبەرزکردنەوە و لیستی مووچەی فەرمانبەران بە گشتی، ووردبینیکردنی هەرچی پسوولەی خەرجی وەزارەت و گشت داموودەزگایەکی ئەکادیمی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، بە مەرجێک وەزارەت خەرجیەکەی لە ئەستۆ گرتبێت.

کات و ڕێکەوت لەم بەڕێوەبەرایەتییە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی خەرجی پسوولە وئەرکی ووردبینیکردن کار لە (ڕەقەم) دەکات واتە کارەکان زیاتر هەزری و بیرکاری دەوێت بێجگە لەگەڵ ووردی و لەسەرخۆیی ولێزانین لە کاتی کارکردندا، و ڕاییکردنی سەرجەم کارەکان لەم بەڕێوەبەرایەتییە دەبێت بە پێنووسی (سوور) بێت، لەبەر دیاریکردنی هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان (ڕەحمان،2023).

**6-ڕەوشی ئافرەت لە بواری کارگێڕی دارایی**

بەڕێوەبەرایەتی دارایی ڕاستەوخۆ سەر بە فەرمانگەی کارگێڕی و داراییە لە دیوانی وەزارەت، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ڕێگای خۆییەوە پێکدێت لە:-

یەکەم: هۆبەی بودجە: کارەکانی بریتییە لە (دانانی پلان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجە کارگێڕییەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی). دووەم: هۆبەی مووچە:ئەرکیان ڕێکخستنی لیستی مووچەی فەرمانبەرانە لە دیوانی وەزارەت، بە پێی شایستە داراییەکان.

سێیەم: هۆبەی ژمێریاری و پلان: تایبەتە بە هۆبەی خەرجی وپلان سەبارەت بە پرۆژەکان لە دیوانی وەزارەت هەروەها خەرجی ئەو پرۆژانەش لە دەرەوەی وەزارەت ئەنجام بەدرێت بە مەرجێک لە چوارچێوەی پلانی وەزارەت بێت (صادق،2023).

چوارەم: هۆبەی خەرجی و داهات: تایبەتە بە خەرجی داهاتی دیوانی وەزاەت وناردن وتسویە کردنی ئەو داهاتانە بۆ بانگەکانی وەزارەتی دارایی کە بڕەکەی (100%)، دواتر تەخمینکردن و خەرجکردنی پێداویستیەکانی دیوانی وەزارەت هەروەها ئەو زانکۆیانەی کە وەزارەت پشتگیری داراییان دەکات لە بەشە بودجەی دیوانی وەزارەت کە بڕەکەی لە (45%) بێجگە لە خەرجی هاوکاری و پرۆژەکان

ودابینکردنی کاغەز و ئامێر و بەنزین وگاز ...هتد لە پێویستیەکان کە دەبێت لەو بودجەیە دابین کرابێت (پیرداود،2023).

کۆتا هۆبە: هۆبەی تواناسازی: تایبەتە بە خەرجی ئەو کاندیدانەی کە لە دەرەوەی وڵات درێژە بە پرۆسەی خوێندن دەدەن، ئەرکی بەڕێوەبەر و ڕۆڵی ڕاییکردنی کاروباری ژمێریارییە، لەگەڵ وەڵامدانەوەی نووسراو، ڕێکخستنی پلانی ساڵانە و بودجەی وەزارەت، بەدواداچوون، چارەسەرکردنی گرفتەکان بە شێوەیەکی گشتی، بڕیاردانی خێرا لە هەندێک حاڵەت، ئامادەکردنی لیستی مووچەی ودابەشکردنی بەسەر فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت، ڕێکخستنی خەرجی سەرفەرەکان (ئیفادات) دەرەکی و ناوەکی، وەرگرتنی داهاتی وەزارەت و ناردنی بۆ بانگەکان، ئەنجامدانی کۆبوونەوە، ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕۆڵگێڕان لە بەشی دارایی ئەرکێکی ئاسان نیە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پسوولە و خەرجی و ڕەقەم کار دەکەن، بێجگە لە کارووباری سەرجەم زانکۆکان و دیوانی وەزارەت، لەم بوارە دەبێت مرۆڤ زۆر وورد و بە ئاگا بێت لە ڕووی کارگێڕیەوە(صادق ،2023).

## 7- ڕەوشی ئافرەت لە بواری سەرچاوەمرۆیەکان

بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆیەکان سەر بە فەرمانگەی کارگێڕی و داراییە، لە دیوانی وەزارەت، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە چوار هۆبە پێکدێت وەک:-

یەکەم: هۆبەی خۆیەتی: لەم هۆبەیە نووسراو و فەرمانی وەزاری دەردەچێت سەبارەت بە دامەزراندن بە شێوەی هەمیشەیی، خانەنشینکردن، گواستنەوەی ڕاژە و تەنسیب، گواستنەوەی خزمەت، مۆڵەتەکان وەک مۆڵەتی بێ مووچە، مۆڵەتی ئاسایی و دایکایەتی ومۆڵەتی خوێندن و هاوڕیەتی، چەسپاندنی تەمەن و خزمەت.

دووەم: هۆبەی میلاکات: کە ئەرکییان نووسراوی بەرزکردنەوەی پلە و سەرمووچەی ساڵانەیە، گۆڕینی بڕوانامە و ناونیشانی فەرمانبەرێتی، دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست، ئەژماری ڕاژە، بودجەی ساڵانە، گۆڕانکاری لە میلاکاتی مانگانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: هۆبەی داتا و زانیاری (ئامار و زانیاری فەرمانبەران) دەخاتە ڕوو، ژمارەی فەرمانبەران لەم بەڕێوەبەرایەتییە پێکدێت لە بەڕێوەبەر کە ئافرەتە و بەرپرسی هۆبە لەگەڵ (29) فەرمانبەری تر (عبدالله،2023).

چوارەم: هۆبەی دۆسیەکان: ئەرکییان هەڵگرتنی نوسراوەکانە کە تایبەتە بە فەرمانبەران، هەروەها ناردن و وەرگرتنی دۆسێ کەسی فەرمانبەرانی بە پێی هاتوو و گوازراوە، پوختەی ڕاژەی فەرمانبەران(حسن، 2023).

ئەوەی جێگایی سەرنج بوو لەم بەڕێوەبەرایەتییە تاکە بەڕێوەبەری ئافرەت بوو بە شێوەی هێڵکاری ونەخشە کاری بەڕێوەبەرایەتییەکەی دارشتبوو بە مەبەستی ڕێکخستن و دابەشبوونی کارەکان لە نێوان فەرمانبەران.

**8-ڕەوشی ئافرەت لە بواری چاودێری دارایی**

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی سەر بە نوسینگەی وەزیری خوێندنی باڵایە، کاروباری مامۆستا و فەرمانبەر وپرۆژەی ئەندازیاری دەرەوەی دیوانی وەزارەت ڕاییدەکرێت، سەبارەت بە کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە یەک: هۆبە پێکدێت بە ناوی هۆبەی بەدواداچوون و سەرپێچیەکان، ئەرکی بەڕێوەبەر وەڵامدانەوەی سەرجەم نووسراوو، ڕاپۆرت، چاودێری کردنی کاروباری دارایی و کارگێڕی و یاسایی، ئامانج لە چاودێریکردن و ووردبینی چاکردنی کاروباری داراییە بە پێی قۆناغی(3-2-1) و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، ئەم سێ قۆناعە واتە پێدانی کات و ماوە بۆ قۆناغی بەدواداچوون، هەروەها برینی پسوولە، خەزنەکان، پشکنین و سەردانیکردنی زانکۆکان، بەدواداچوون لە لیژنەکان، کڕینی کەلوپەل، ووردبینیکردنی لیستی موچە و دەرماڵەی مامۆستا و فەرمانبەران، چاودێری کردنی داهات و خەرجی سەرجەم زانکۆی و پەیمانگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان، (حمد،2023).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**9- ڕەوشی ئافرەت لە بواری سەنتەرەکانی پەرەپێدانی کار (CDC)**

بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکانی پەرەپێدانی کار، سەر بە فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون لە دیوانی وەزارەت، مەبەست لە دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەکردنی قوتابی/خوێندکارە، بۆ دەستەبەر کردن و دۆزینەوەی کار بۆییان لە دوایی تەواکردنی پرۆسەی خوێندن، بە کردنەوەی خول، وەک خولی ڕاهێنان و بەهێزکردنی توانا و ڕێنمایی نووسینی (cv) و شێوازەکانی چاوپێکەوتنی کار، بە پەیوەندی لەگەڵ چەند کۆمپانیا و دوو ڕێکخراوی بیانی وەک ڕێکخراوەکانی (ئەڵمانیGIZ) و ئەمریکی IREX) هاوکارن لە ڕاهێنانی (420) خوێندکار، ڕۆڵی بەڕێوەبەر زیاتر بەدواداچون، ڕاپۆرت، ئامار، بەسەرکردنەوە و پەیوەندیکردن بە ژمارەی خوێندکاران و سەرجەم لێژنەکان لە زانکۆ و پەیمانگەی حکومی لە هەرێمی کوردستان (صادق،2023).

**10- ڕەوشی ئافرەت وەک بەرپرسی هۆبە و فەرمانبەر**

بە پێی تیۆری بیروکراتی بێت جۆری کارەکان بە پێ پسپۆری کەسەکان هاتۆتە ڕێکخستن، هەروەها دیاریکردنی ئەرک و ڕۆڵیان وەك فەمانبەر بە شێوەیەکی گشتی و ئەرکی ئافرەت بە شێوەیەکی تایبەتی، لەبەر ئەوەی جۆری کار و پیشەکان وەک یەک نین لە هەمانکاتدا شێوازی شارەزایی و پسپۆرییەکان جیاوازن لە یەکتر .

ئەرکی بەرپرسی هۆبەکان بریتییە لە (نووسراوکردن و سیستەمکردني زانیاري، ڕێکخستنی کاروباری فەرمانگە، هەڵگرتن و وەرگرتنی نووسراوەکان،پشکنین و بەدواداچوون بۆ کاروباری زانکۆی حکومی و ئەهلییەکان، بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و کۆنفراسەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکان) (بهاءالدین،2023).

بەڵام ئەرکی فەرمانبەرانی ئافرەت بەم شێوەییە ڕێکخراوە، وەک: چاپکردنی نووسراوە، پشکنین و بەدوواداچوونی نووسراو بۆ زانکۆ و پەیمانگەی حکومی و ئەهلی، فەرمانبەر لە بواری پێشوازیکردن، لە بواری پوست و گەیاندن، لە بواری تەندرروستی وسەلامەتی، دڵنیایی جۆری، هەڵگرتنی دۆسێ کەسی فەرمانبەران، لە بواری ئایزۆ، یەکسانکردنی بڕوانامەکانی دەرەوەی وڵات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانبەر لە بواری ئەندازە و پرۆژەکان، بێجگە لە فەرمانبەرانی بواری کارگێڕی کار لە فەرمانگەی گشتی و شوێنەکانی تری دیوانی وەزارەت(قادر،2023).

**11-ڕەوشی ئافرەت لە بواری خزمەتگوزاری**

لە دیوانی وەزارەت هۆبەیەک هەیە بە ناوی (هۆبەی خزمەتگوزاری) ڕاستەوخۆ سەر بە فەرمانگەی کارگێڕی و داراییە لە دیوانی وەزارەت، لەم هۆبەیە ژمارەیەک کارمەندی ئافرەت وەك فەرمانبەری خزمەتگوزار شان بە شانی پیاوان کار ئەکەن، بە هاوکاری کۆمپانیای (ئاست)، بۆ ئەوەی ژینگەی وەزارەت سیما و تایبەتمەندی شارستانی هەبێت، ئەو فەرمانبەرانە کە لە بواری خەزمەتگوزاری کار ئەکەن ژمارەییان (5) ئافرەتن، ئەرکیان بریتییە لە: خاوێنکردنەوە و سڕینەوە و شوشتن و تەمێز ڕاگرتنی ژوورەکان و (wc) دیوانی وەزارەت بە شێوەیەکی گشتی( طیب ،2023).

**12-هۆکارە پاڵنەرەکانی بواری کارگێڕی**

بە پێی بەدواداچوون دەرکەوت کەوا فەرمانبەران بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە هۆکاری پاڵنەریان هەیە لە بواری کارگێری، وەك هۆکاری مادی و مەعنەوی، یەکەم هۆکار : پاڵنەرە مادییەکان وەک (دابینکردنی مووچە، پاداشتی هاندان، خەرجی بەڕێوەبردن(مخصصات الاداریە)، خەرجی ساڵانە (علاوة)، بەرزکردنەوەی پلە (ترفیع)،کە چوار ساڵ جارێک زیاد دەکرا ،بەڵام ئەوە بۆ ماوەی (10) ساڵ دەبێت ڕاگیراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە هۆیی قەیرانی داراییەوە، پاداشتکردن، خەرجی پشکنین، هاوکاری دارایی، دابینکردنی ئۆتۆمبێل)، جۆری دووەم: لە هۆکاری پاڵنەرەکان کە پاڵنەری مەعنەویە وەک پێدانی(سوپاس و پێزانین، مۆڵەت ئاسایی، مۆڵەتی نەخۆشی، مۆڵەتی خوێندن، مۆڵەتی بێ مووچە، مۆڵەتی دایکایەتی، ناردنی بەڕێوەبەر و هەندێک لە فەرمانبەران بۆ دەرەوەی وڵات، کردنەوەی خول، بەشداریکردن لە کۆڕو و کۆنفراس کۆبوونەوەکان، ئەندامی لێژنەکان و پشکنین، یادکرنەوەی بۆنەکان، بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان و ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی جلی کوردی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## شەشەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### یەکەم: ئەنجامەکان

### 1- ئەنجامی ئاڕاستە تیۆرییەکان

1- بە پێی ئەنجامی چەمکی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بێت، دەکرێت ڕێکخستنی کۆمەڵگا بونیاد بنرێت لەسەر بنەمایی ئەرک و ڕۆڵ، بۆیە هەموو تاکێک لە هەر کۆمەڵگایەک بێت بە لایەنی کەمەوە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیە، بۆیە ئافرەت وەکو بەڕێوەبەر بێت یاخود فەرمانبەر یان فەرمانبەری خزمەتگوزار بە پێی ڕێکخستنی سیستەمی کارگێڕی پێگەیی کۆمەڵایەتی کاری گارگێڕی بۆیان دیاریکراوە بە مەرجێک لەگەڵ ئاستی پسپۆرییان بەگونجێت، دواتر ڕۆڵی خۆییان دەگێڕن لەچوارچێوەی ئەو کارانەی کە بۆییان دیاریکراوە.

2- سەبارەت بە ئەنجامی، تێڕوانینی ئاڕاستەی بونیادی ئەرکی، ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە کەوا بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە تێڕوانینێکی گشتیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی تێڕوانینیان بۆ تاکە کەس نەبووە، واتە ئافرەت کاتێک کاردەکەن دەبێت تێڕوانینیان لە پێناو قازانجی گشتی کۆمەڵگا بێت، دواتر ڕۆڵ بەگێڕن لە پێناو پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز هەروەها ئەمەش لە پێناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ دێت.

3- ئەنجامی ئاڕاستەی نموونەی باڵا بۆ ڕێکخستنی بیروکراتی لای زانا ڤیبەر پێکدێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی بەڕێوەبردن بە شێوەی پلانی پێشوەختە، وتایبەتمەندی دابەشبوونی کار، بە پێی پسپۆری و لێهاتووی و شارەزایی لە بواری کارکردن کە هۆکارە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان بە کاتێکی کەم و بەرهەمێکی زیاتر لە پێناو پەیڕەوەکردنی سیستەمەکە، بە پێی ئەم تیۆرە بێت زۆربەی ئافرەتان لە دیوانی وەزارەت بە پێی پسپۆری ولێهاتوویی ئەرکی بەرپرسیارێتیان پێ ڕاسپێردەراوە.

4- بە پێی ئەنجامی ئاڕاستەی بڕیاردان، دەبێت ئافرەت وەکو بەڕێوەبەر یان بەرپرس خاوەن تایبەتمەندی بڕیاردان بێت لە کات و ساتی هەستیاردا، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی گیرگرفتەکانی کارگێڕی و دوور بێت لە ڕەفتار و هەست وسۆزی کەسێتی و بڕیارەکان بە شێوەیەکی بابەتی و زانستی لە پێناو قازانجی گشتی و دەزگا بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان**

1-لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان دەرکەوت کەوا ژمارەی ئافرەتان وەك بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە (1) ئافرەت، وەك بەڕێوەبەری بەش (9) ئافرەت، وەك بەرپرسی هۆبە (15) ئافرەت، وەك فەرمانبەری ئاسایی (160) ئافرەت، وەك فەرمانبەری خزمەتگوزاری (5) ئافرەت، کۆیی گشتی ئافرەتان دەکاتە (190) ئافرەت.

2-لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بواری بەڕێوەبردندا, بۆمان دەرکەوت کەوا بەڕێوەبەری ئافرەت لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ڕۆڵییان هەیە لە ڕاییکردن و ڕێکخستنی کارەکان بە هاوکاری بەرپرسان و گشت کارمەندان، بەڵام بڕیار و واژووی سەرجەم نووسراوەکان لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەر دواتر بەڕێوەبەری گشتی دواتر فەرمانی وەزاری بە واژووی وەزیری خوێندنی باڵا.

3-لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان لە گەڵ بەرپرسی هۆبەکان، بۆمان دەرکەوت کەوا ڕۆڵیان زیاترە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی، لەبەر ئەوەی بەرپرسن لە گشت کارەکان، وەك ، ڕێکخستنی سەرجەم کار و بەشداری کۆبوونەوەکان، نووسراو چاپکردن، ڕێکخستنی جۆری پەیوەندییەکان.

4-لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان لە بواری کاروباری فەرمانبەران، بۆمان دەرکەوت کەوا ئەرکیان زۆرە، ڕۆڵیان وەک سەربازی وون وایە، وەک نووسراوکردن و چاپکردن و وەڵامدانەوەی نووسراو، سیستەمکردنی زانیارییەکان و بەدواداچوون و پشکنین و وەرگرتنی نووسراو وئامادەکردنی وەڵامدانەوەی تلیفۆن و نامە و ئیمێڵ هتد... لە کارەکان.

5- سەبارەت بە ئافرەتی خزمەتگوزار دەرکەوت بە هاوکاری کۆمپانیایی ئاست کاری خاوێنکردنەوە ئەنجام دەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

1-توێژەرانی تر ڕادەسپێرم بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەکی وورتر لە بارەی ڕەوشی ئافرەتان لە دەزگای حکومی و ئەهلییەکاندا لە بواری کارگێڕیدا.

**سێیەم: پێشنیازەکان**

**1-**پێشنیاز دەکەم بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوری/کارگێڕی بە خەرج کردنی مافە ئابورییەکان سەبارەت بە فەرمانبەران لە بواری پلە بەرزکردنەوەی ساڵانەی مووچە کە لە ساڵی (2014) ڕاوەستاوە بە هۆی قەیرانی داراییەوە، چونکە خەرجکردنی وەکو ئامرازێکی هاندان، دەبێتە هۆکار و پاڵنەر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان بە شێوەیەکی باشتر.

3-پێشنیاز دەکەم بە هاوکاریکردنی ئەو ئافرەتانەی کە خولیا و ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنییان هەیە لە قۆناغەکانی بەکەلۆریۆس و ماستەر و دکتۆراە.

4-دابینکردنی جل وبەرگی کارکردن بە شێوەی وەرزی بۆ ئافرەتانی فەرمانبەری خزمەتگوزار لە دیوانی وەزارەت.

5- گەڕانەوەی مافە داراییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابوری، وەک پاشەکەوت و لێبڕینی مووچە، ڕۆڵی دەبێت وەک هۆکارێکی پاڵنەر و هاندان بۆ باشترکردنی کارەکان و ڕۆڵی ئافرەتان باشتر دەبێت لە بواری کارگێڕی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## حەوتەم: لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

1. استيتيه،دلال ملحس و سرحان، عمر موسى(2012) المشكلات الاجتماعية، ط1، دار وائل للنشر، عمان- الاردن.
2. تير، اوردواي(1959) الادارة هدفها وانجازها، ترجمة على كامل بدران، تقديم محمد توفيق رمزي، مؤسسة فرانكلين للنشر، القاهرة – مصر.
3. دورتيه، جان فرانسوا(2011) معجم العلوم الانسانية، ترجمة د.جورج كتورة، كلمة و مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت- لبنان.
4. الشعبيني، محمد مصطفى(1974)علم الاجتماع، دار النهضة العربية، القاهرة - مصر.
5. عبدالمعطي، عبدالباسط(1998) اتجاهات نظرية في علم الاجتماع، عالم المعرفة، العدد(44) سلسلة الكتب الشهرية، الكويت.
6. القريوتي، محمد قاسم(2000) السلوك التنظيمي(دراسة للسلوك الانساني الفردي والجماعي في المنظمات المختلفة)، دار الشروق للنشر، عمان- الاردن.
7. لطفي، طلعت ابراهيم(2007) علم الاجتماع التنظيم، دار غريب للنشر،القاهرة- مصر.
8. ناصر، هاشم(2005) الادارة المعاصرة بين النظرية والتطبقية، دار الاسامة للنشر، عمان- الاردن.

### دووەم: سایتی ئەلکترۆنی

9. سایتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، www.http//erp.mohe.gov.Krd
10. معجم معاني الجامع (3-5-2023, https: www.almaany.com ).

### سێیەم: سەرچاوەی چاوپێکەوتنەکان

11. بهاء الدين،فێنک فؤاد(2023). لە8/9، دەزگای سەرپەرشتی دەڵنیایی جۆری(نوسینگەی).
12. پیرداود، ئاواز صباح (2023). لە 7/31، فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی، (هۆبەی خەرجی و داهات).
13. حسن، خەبات قادر (2023). لە8/2، فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی، (هۆبەی دۆسیەکان).
14. حسن،ڕێبەند جميل(2023). لە7/30، فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون، (هۆبەی زانکۆ لاین).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

15. حمد، چنار مهدی(2023).لە8/9، نوسینگەی وەزیر (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی).
16. خەتات،ژاڵە سعید یحي(2023). لە7/30 .فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.
17. ڕەحمان ، شیلان زرار(2023).لە7/31، نووسینگەی وەزیر (بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی).
18. سعید، الاء فاروق(2023). لە7/30، فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیریەکان،( بەڕێوەبەرایەتی نێردەراوان و شاندکردن).
19. شریف، سۆزان عزالدین(2023). لە7/30، فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون، (هۆبەی زانکۆکانی پۆلیتەکنیک).
20. صادق، بەفرین محی الدین(2023). لە 7/31، فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی، (بەڕێوەبەرایەتی دارایی).
21. صادق،کۆچەر ئازاد 2023).لە8/9، فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان و بەدواداچون، (بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکانی پەرەپێدانی کار).
22. طیب، حربیة رحمان(2023).لە8/15، فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی (بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری).
23. عبداللە،شیلان تالب(2023).لە8/2،فەرمانگەی کارگێڕی ودارایی (بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەمرۆییەکان).
24. عزیز، ئاریان بهرام (2023). لە7/30، ف.خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون، (هۆبەی کاروباری زانکۆکانی هەرێم).
25. عمر، ئاشتی عبداللە (2023). لە7/31،فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیریەکان،( بەڕێوەبەرایەتی توانا سازی).
26. قادر، نەوین سعید(2023). لە8/2، فەرمانگەی نێردەراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیریەکان، (بەڕێوەبەرایەتی یەکسانکردنی بڕوانامەکان).
27. قەمبەر، ئارام ابراهیم (2023). لە7/30، ف.خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون، (بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن).

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Women's work in the field of administration (Ministry of Higher Education and Scientific Research ،for example)

**Dr. Fawziya Abdulla Mohammed**
Department of Kurdish language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: fawziya.abdulla@koyauniversity.org

***Keywords:*** *The situation, Field, Management, Social role, Functional orientation of the structure*

## Abstract

The research is entitled as Women's work in the field of administration (Ministry of Higher Education and Scientific Research, for example) The aim of conducting this research is to Status of women’s work in the administrative fields. And the type of research is descriptive qualitative research. And the methods that were used in it., and methods What was used in this research is the qualitative method, in addition to the social survey method, in order to obtain the method of collecting information, the following methods were relied upon (interview, statistical information). Then the sample was selected intentionally, because from the title of the research. It is clear that the research is about the reality women’s work f, and to determine the size of the sample. It was determined by two ways, the first way, was to identify all the women who have administrative responsibility in the Ministry. And the second way includes the female employee was identified with some of those who had responsibility for the divisions. And at the end of the research. The researcher tried to come up with some results, recommendations and proposal’s purpose of improving the reality of women’s work in the administrative field, with defining their job as employees and managers in the office of the Ministry.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وضع عمل المرأة في مجال الادارة، (ديوان وزارة التعليم العالي والبحث العلمي –أقليم كوردستان أنموذجا)


## ملخص :

عنوان البحث عن (وضع عمل المرأة في مجال الادارة، ديوان وزارة التعليم العالي والبحث العلمي – أقليم كوردستان أنموذجا)، والهدف من أجراء هذا البحث هي معرفة واقع عمل المرأة في مجالات الادارية، وهذا البحث هي من نوع البحوث الوصفية النوعية، والمناهج التي استخدمت في هذا البحث هي المنهج النوعي, بالاضافة الى المنهج المسح الاجتماعي، وللحصول على طريقة جمع المعلومات تم الاعتماد على (المقابلة، معلومات احصائية)، ثم تمت تحديد نوعية العينة بشكل القصدي، لأن من العنوان البحث يتبين بأن البحث هي عن وضع عمل المرأة، ولتحديد حجم العينة تم تحديدها بطريقتين الاتيتين، الطريقة الاولى، تم تحديد جميع النساء اللاتي لديهن مناصب الادارية في الوزارة، وفي الطريقة الثانية تمت تحديد المرأة الموظفة مع بعض الاتي لديهن مسؤلية في بعض الاقسام، وفي نهاية البحث حاولت الباحثة بخروج ببعض النتائج والتوصيات والمقترحات لغرض تحسين واقع عمل المرأة في مجال الادارية، مع تحديد وظيفتهن كالموظفات والمدراء في ديوان الوزارة.